# شەپۆلی دژی ئیسلامی لەکوردستان و پێویستیی ڕێکخراوبوون

محمـــد غفـــور
mgafor@yahoo.com

بەشوین ئاشکرابوونی باندی ئیسلامیی شیخ زانادا، رق ونەفرەتیکی گشتی وسەرتاسەری لەکوردستان لەبەرامبەر مەزهەبدا بەگشتی وەلەدژی ئایینی ئیسلام ورەوتە سیاسییە رەنگاورەنگەکانیدا بەتایبەتی بەرزبۆتەوە. لەبەرامبەر ئەم وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەشدا کەمپەینیکی چروپر دەبینین بۆ دەرکیشانی ئیسلام لەژیر دەمی چەکوشی توورەیی جەماوەری خەلکی کوردستاندا. ئایینیك کەساڵانیکی زۆرە جەماوەر خۆیان قوربانیی کارنامەی رەشی بوون، هەم شاهیدی زنجیرەی نەبراوەی ریکخستنی هۆلۆکۆست وتاوانکارییە بێوینەکانی هەن کەرەوت وداورودەستەی ئیسلامیی چ لەکوردستان وعیراق، چ لەئاستی ناوچەکە وجیهانیشدا ئەنجامیدەدەن ورۆژانە هەوالەکانی بلاودەکرینەوە. کەمپینیك کەمەسعود بەرزانی رابەرایەتیی دەکات وسەرجەمی گایەلی شیخوللا وئایەتوللا ورۆحوللا وسۆفی ودەرویش وزانایانی ئایینیی دابەستە وکارنەکەر ومشەخۆر وجاهیلی داوەتەبەرخۆی، وەپارەوپوولی بائاوەردەی گیرفانی بزووتنەوەی کوردایەتیی هەلرشتووە بۆ قەلەمفرۆشان ولیشاوی رۆشنفکرانی رەنگاورەنگی قەومی وناسیونالیست، بەمەبەستی هیورکردنەوەی بارودۆخەکە وراگرتنی ئەم رق وبیزارییە گشتییە لەدژی ئایینی ئیسلام لەئاستیکی دیاریکراودا، بێدەلیل نییە. ئەبعادی تاوانکاریی ئیسلامییەکان (بەسیاسی وناسیاسیانەوە، بەفەندەمینتالیزم وبنیادگەراییانەوە)، بەتایبەت دوای بلاوبوونەوەی قەسابخانەکەی شیخ زانا، کەدەکرێ وەکو زەنگی سەرهەلدانی بزووتنەوەیەکی دژی ئایینی لەکوردستان دابنرێ، بەرادەیەکە کەنەك کەسانی وەکو بەرزانی وتالەبانی کەبەدریژایی میژووی خۆیان وبزووتنەوەکەشیان هەمیشە لەبەرپێی پیاوانی ئایینی وئەهلی بلاوکردنەوەی خورافاتدا چەماوەبوون وهەمیشەش لەپشتیانەوە نویژکەر وتەسبیح بەدەستبوون، ئەمرۆ کەدەبینن بەرەکەتی ئەم ئایینی سرکردن وتەسلیمبوونە خەریکە لەدەستیاندەردەچێ وئیسلامی سیاسی ئیستسماری دەکات، دەیانەوێ بەناوی "ئایینی پاکیزە

وباوەر وعەقیدەی خەلکی موسلمانی کوردەوە!" شانیان لەژێر باری ئەم ریسواییەی ئیسلامدا دەرکیشن، لەهەمانکاتدا ناتوانن ئاستی مەترسی هەلگەرانەوەی خەلك وبەخۆداهاتنەوەیان لەبەرامبەر ئەم ئاییینی مەرگ وخوین وعەبدایەتیی وخورافاتە بەهەندنەگرن، کەخۆی بەمانایەك هوشداریکە بۆ دەسەلاتی عەشیرەیی ناسیونالیزمی کوردیش کەپایەیەکی راگرتنی بووە، بەلکو تەنانەت لەناو دەستەوتاقمی ئیدارە وریکخەری پیشەسازی دینییی خۆشیدا، کەسانیك پەیدادەبن کەنایانەوێ ئەم ئاستە لەخوینریژی وتوندوتیژیی ئیسلامیی لەئەستۆبگرن. ئەمرۆ ئەم دووبەشە لەپاریزەرانی ئاییینی ئیسلام دەستیانخستۆتە ناودەستی یەکتر لەبەرامبەر خەلکی تورەی کوردستاندا بۆ دەربازکردنی ئیسلام لەم تەنگژەیە. بۆیە ئاساییە کەباس ومەسەلەی "ئیسلامی راستەقینە" و"ئیسلامی درۆیینە ودوژمنانی خودا" بهینریتەپیشەوە. بەلام خەلکی کوردستان لەم هەلویستەیاندا تەنهانین وسەجەم کۆمۆنیستەکان وئاتەئیستەکان وئازادئەندیشان وئازادیخوازانیان لەگەلدایە. دەبێ هەموو پیکەوە ئەم ریسواییەی ئیسلام وئەم نەفرەتە عەزیمە جەماوەرییە لەبەرامبەریدا، بکەینە دەسمایەی بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی فکری وسیاسی لەدژی ئیسلام وبزووتنەوە ورەوت وکەسایەتییەکانی لەکوردستاندا، وەئەوانەش کەچەندین سالە لەپاڵ خیروبەرەکەتی ئەم کارگەی خورافە ودرۆیەدا بەدەستیکەڵکردنی لەگەڵ وەهەم وخورافەی نەتەوەپەرستی وکوردایەتیدا حەساونەوە وجەماوەری کوردستانیشیان لەهەژاری بیکاری وبێمافیدا راگرتووە.

لەرووانگەی ئیمە کۆمۆنیستەکان وئاتەئیستەکانەوە، وەلەرووانگەی ئیمە بینەران وەقوربانیانی تاوانکاریی ئەم ئیسلامەوە، کەلەململانێیەکی سەختی کۆمەلایەتی وسیاسی وفکریداین لەبەرامبەر ئەم دیوەزمەی شەر وخورافە وکۆیلایەتیەدا، ئەم کەمپین ورووسپیکردنەوەیەی ئیسلام بەگۆشەیەکی دیکەی دریژەپێدانی بوون وبەردەوامیی ئەم زنجیرە هۆلۆکۆستە ئیسلامییانە بەسەرسەری کۆمەلگای کوردستانەوە تەماشادەکەین، وبەهەولیکی جددیی راگرتنی ئەم کارگە ئاییینیەی بەهەمهینانی کەسانی لەچەشنی شیخ زانا وتۆرەکەی دادەنیین. دەبێ ئەم هەولە رەزیلانەیە بۆ دەرکیشانی ئاییینی ئیسلام لەژێر دەستی نەفرەتی گشتیی خەلکی کوردستاندا پووچەڵ بکریتەوە. دەبێ لەئاستی کۆمەلایەتیدا ئەو بانگەوازە بدرێ وبکریتە خۆهووشیاریی وباس وجەدەلی تاکەکانی کۆمەڵ، کەبنەما عەقیدەییەکانی ئیسلام، بنەرەتە قورئانییەکانی ئیسلام، کەشفبوونی میژوویی ئیسلام، جیگاوشوینی کۆمەلایەتیی

ئیسلام، ناسنامە ولەنگەری سیاسیی ئیسلام ورەتە سیاسییەکانی، لەکیشمەکیشی نیوان ئازادیخوازی وکۆنەپەرستییدا لەم چەرخەی ئیستادا، زۆر لەوە ئاشکراتر وهەلمالراوترە کەریگابدات، کەمپینیکی رەزیلانەی بزووتنەوەی کوردایەتی تیکهەلکیش وعەجین لەگەلّ خودی ئەم ئایینەدا وئەویش لەسەردەستی سەرۆك عەشیرەیەکی لەچەشنی بارزانیدا، بتوانیّ روخساریکی شاریی، مۆدیرن، وخەلکیی بدات لەم ئایینە. بەجۆریك کەزەرەیەك لەگەلّ خواست وئاوات وئاراستەی ژیانی کۆمەلاّیەتی خەلکدا خزمایەتی هەبیّ، ونەبیتەهۆی پایمالّکردنی سەرەتایی ترین ماف وسۆزی ئینسانیی تیایدا ونەکەویتە بەرامبەر ژیانی هەوچەرخیانەوە. ئەمە ئەوپەری سووکایەتیکردنە بەهەست وشعوری خەلکی کوردستان، کەدەیانەویّ واقعییاتیك کەرۆژانە بەبەرچاوی جەماوەری خەلکەوە روودەدات، ورۆژی سەدجار لەپیناوی حوکمی خودا لەسەر ئەرزدا، هەر ئەم نوینەرانەی ئیسلام، حورمەت وکەسایەتیی مافەکانی تاك وکۆ لەژیرپیّدەنین وهەستونیستیان دەپووکیننەوە، وەلەمینبەری مزگەوتەکانەوە بانگەشە بۆ پووچیی ژیان لەم دنیایەدا دەکەن وخەلك بەسزای ئاگری جەهەننەمی ئەودنیا دەترسینن، بەناوی ئیسلامی راستەقینە ودرۆیینەوە کەگوایا سەرچاوەی باوەری خەلك خۆیەتی، زەینی خەلك بەلاریّدادەبەن ودەیانەویّ هەروا خەلکی ئەسیرکراو، پەلوپۆبەستراو لەناو تاریکیی وجەهلی ئەم دینی خورافە ورۆژرەشییەدا رابگرن. ئینسان لەناو ئاییني ئیسلامدا، چ راستەقینە وچ درۆیینە، عەبدیکی بیّ ماف وسووك وبیّحورمەتە. ژنان لەناو ئیسلامدا لەکۆیلەیەك زیاتر نیین. منالاّن لەچوارچیوەی ئەم ئاییندەدا لەریزی حەشاماتدان. بیروباوەری ئازاد تیایدا یاخیبوونە لەئەمری خودا وسزادانیی واجبی ئایینیی موسلمانانە. مۆسیقا فەساد وبەدرەوشتییە، سیکس بەبیّئیجازەی ئایین گوناهی کەبیرەیە. ئەمە ئایینی مەرگ وخوین وجەهل وخورافە وکۆیلایەتی وتەسلیمبوونە. بیّگومان هەموو مەزهەبەکانی دیکەش هەروان. بەلاّم بەشوین شۆرشی گەورەی فەرەنسیدا بۆنموونە ئایینی مەسیحییەت لەلایەن مرۆڤایەتیی ئازادیخوازەوە کرایە قەفەزەوە. بەلاّم ئایینی ئیسلام هەرگیز بەری پیّنەگیراوە. وەکو کارگایەك وپیشەسازییەکی گەورە هەمیشە لەکاردایە وکارەسات ئەخولقینیّ وکویرەوەری بەرهەمدینیّ بۆ خەلك وکۆمەلگا.

بەرگریکردن لەسیستەمی مەوجودیەتی ئیسلام  چ وەکو ئایدۆلۆژیایەك،چ وەکو بزووتنەوەیەکی فکری وسیاسی وکۆمەلایەتی، لەژیر ناوی ریزدانان بۆ عەقیدە وباوەرەکانی خەلکدا پووچ

وریاکارانەیە. بیگومان لەناو خەلکدا بیروباوەری جۆراوجۆر هەن. بەمپێیە لیرەدا باسمان لەسەر ریزدانان نییە بۆ بیروباوەری خەلك، بەلکو باسەکە دەربارەی هەلبژاردنی بیروباوەری قابیلی ریزبۆدانانە. بەڵام بێگومان ئەو کەسانەی کەلەژیر ناوی ریزگرتن لەبیروباوەر وعەقیدەی موسلماناندا، رەخنەگرتن لەئیسلام بەرپەرچدەدەنەوە، بەتەنها خەریکن هەلبژاردنی سیاسی ومەعنەوی خۆیان دەکەن، وشوین بەرژەوەندی سیاسی خۆیان کەوتوون. ئەوان بەم کارەیان دەیانەوێ ئاییني ئیسلام وەکو بیروباوەریکی جیگای ریزگرتن بگەریننەوە بۆ سەرجیگای پیشووی وبەخەلکی بقبولینن،وە وەکو پایەیەکی دەسەلاتداریتی سیاسییان بەمەحکەمی بیهیلنەوە. خەلکیش دەیانەوێ بۆ رزگاربوون لەم کۆت وزنجیرە گرانە کارەساتبارە ریگایەك پەیدابکەن. ئیمە هەروەك رابەری ئازیز مەنسور حکمەت دەلی: "من بۆ هیچ خورافەیەك، وەبۆ هیچ ناهەقییەك ریزدانانیم، تەنانەت ئەگەر هەموو خەلکی جیهانیش بەراستی دابنێن. بێگومان ئەمە بەهەقی هەرکەسیك دەزانم کەبەهەرشتیك دەخوازێ باوەری هەبێ. بەڵام لەنیوانی ریزدانان بۆ ئازادی عەقیدەی تاك لەگەڵ ریزدانان بۆ عەقیدەی ئەوان جیاوازی بنەرەتیی هەیە....من ریزدانانیم بۆ خورافاتیك کەلەبەرامبەریاندا لەجەنگدام وزەجر وکویرەوەریی ئینسانەکانم لەچنگالی ئەواندا بینیوە"، پیمانوایە سەرەرای ئەوەی کەژمارەیەکی ئیجگار زۆر لەخەلکی جیهان ولەوانەش خەلکی کوردستان، ئیسلامیان قبولکردووە وەکو عەقیدەیەك. بەڵام لەبنەرەتەوە ئازادنەبوون لەئینتخابکردنیدا، بەلکو سەپینراوە بەسەریاندا ولەپرۆسەیەکی دوورودریژدا پێیەوە گرفتارکراون، بەسەرچاوە ومایەی بێحورمەتی ورۆژرەشی وکارەسات دادەنیین بۆ ئەم خەلکە ودەبێ خۆیانی لی قووتاربکەن. هەروەها شیوازی ژیانی مەدەنی وهاوچەخی خەلکی کوردستان بەلگەی بێبناغەیی ئەو قسانەیە کەدەلی ئایین بەشیکە لەموقەدەساتی خەلکی کوردستان. وەئەمرۆ بەلاچوونی پەردە لەسەر گۆشەیەکی بچووکی ئەم حەقیقەتەی ئاییني ئیسلام بەهۆی ئاشکرابوونی باندی شیخ زاناوە، سەرجەمی کویرەوەرییەك دیتەوە بەرچاویان کەبەهۆی ملدانیان بەم ئاییني خورافە وعەبدایەتییەوە بەنسیبیانکراوە، چاویانبریوەتە ئاسۆیەك، پەرچەمیك کەمانای واقعی ژیانیان بۆ بکاتە ئەمری واقع لەم دنیایەدا، بۆ ئەوەی چیتر ئەم پرووپووچانە بخەنەلاوە. بۆیە بانگەوازی خەلکی کوردستان دەکەم ولەپیشیانەوەش ئازادئەندیشان وبێدینەکان وهەموو ئەو کەسانەی بروایانوایە کەپاککردنەوەی کۆمەلگا لەمەزهەب بەگشتی وئاییني ئیسلام بەتایبەتی، هەنگاویکی سەرەکییە لەراستای بەرقەرارکردنی سەعادەت وعەدالەتی کۆمەڵایەتیدا، لەهەنگاوی یەکەمدا خواستی

**جیاکردنەوەی ئایین لەدەولەت ولەپەروەردەوفیرکردن بەرزبکەنەوە، وئازادیی بێدینیی وبێخودایی داوابکەن وپەرەیپێبدەن، وەداوابکەن هەموو فتوادەرانی ئایینی بۆخراپکردنی ژیان وتیکدانی ئاسایشی خەلك وکۆمەلگا بدرینە دادگای خەلك ومینبەرەکانیان دابخرین. وەرن باپیکەوە یەك بزووتنەوەی فکری ورۆشنگەری وئەنتی ئیسلامیی لەکوردستان بەرپابکەین.**

2005-08-08